# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان
## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## را پۆرتی شازدەیەم: دەستێوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن و بڕیارەکانی پەروەردە

**کانونی دووەم** 2019

1/2/2019

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 3 | پێشەکی |
| 4 | کارنامەی یەکە |
| 5 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 7 | دەستپێک |
| 7 | فێرخوازان هەست بە دەستوەردانی حزبی دەکەن |
| 8 | ئەو بڕیارانەی حزب دەستی تێدا هەیە چین |
| 10 | ئەو دەستوەردانانەی هەیە کاریگەری لە دەسکاریکردنی نمرەی فێرخوازانیش هەیە؟ |
| 11 | رۆڵی حزب لە دانانی بەڕێوبەری قوتابخانەکان |
| 13 | "بەشی زۆری بەڕێوبەر و یاریدەدەرەکان لەسەر تەزکیەی حزبی دانراون" |
| 14 | "دەستی حزب لە ناوەندەکان کاڵبوەتەوە" |
| 15 | چ مامۆستایەک لەسەر بیروڕای سیاسی سزا دراوە |
| 16 | چی بکرێت بۆ دورخستنەوەی دەستی حزب لە ناوەندەکان |
| 17 | حزب دەستوەردان لە کاری بەڕێوبەری ناوەندەکان دەکات؟ |
| 18 | رای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەسەر دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن |
| 19 | بەرپرسان لە پەروەردە چیان کردوە بۆ نەهێشتنی دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان |
| | بەشی سێیەم: راسپاردە |
| 21 | راسپاردەکان |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

### 1. دەستپێک:

دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری پەروەردەی گەرمیان یەکێکی ترە لەو گرفتانەی کە روبەڕوی کەرتی پەروەردە بوەتەوە لە سنورەکە و بە رونی هەستی پێدەکرێت.

بەپێی ئەو بە دواداچونەی یەکەی چاودێری لە سنوری پەروەردەی گەرمیان کردویەتی و ئەو مامۆستایانە کە دواندومانن باس لەوە دەکەن دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن هەستی پێدەکرێت چ لە دانانی بەڕێوبەری ناوەندەکان یان لە گواستنەوەی مامۆستایان و فێرخوازان یاخود لە دانانی یاریدەدەری ناوەندەکان، ئەمەش کاریگەری خراپی بەجێهێشتوە لەدوای خۆی.

لەم راپۆرتەدا کاریگەرییەکانی دەستوەردانی حزبی لە ناوەدەکان دەخەینەڕو.

### 2. فێرخوازان هەست بە دەستوەردانی حزبی دەکەن

فێرخوازان بە نیگەرانیەکی زۆرەوە باس لەوەدەکەن کە دەستوەردانی حزبی وایکردوە مافی بەشێکی زۆر لە خوێندکاران بفەوتێت و جیاوازی بکرێت لە نێوانیان بەهۆی بونی پشتگیری حزبی بۆ خوێندکارانی دیکە چ لە روی گواستنەوە بێت یان لە روی نمرەوە بێت، لە کاتێکدا مامۆستایان بێدەنگن لە ئاستی ئەو جیاوازییە.

پەیوەند محەمەد حەسەن، خوێندکاری پۆلی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی شتێکی نامۆ نیە و بە رونی دیارە، بە تایبەت پێش قەیرانی دارایی ئەمە زۆر زەق بو".

بەهەمانشێوەی هاوتاکەی، ئاریان محەمەد سابر، خوێندکاری دەیەمی وێژەی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار ئەوە دەخاتەڕو: "لەم رۆژگارەدا سیاسەت رەگی داکوتاوە لەنێو قوتابخانەکانا بەتایبەتی قۆناغە ئامادەییەکان، جا سیاسەتی حزبایەتی وای لێهاتوە هەندێکجار وا ئەزانین لە قاعەی پەرلەمانین، هیچ شتێک بونی نەماوە پەیوەندی بە بابەتی خۆمانەوە مابێ جا مناقەشەی نێوان (تەلەبە و تەلەبە) (تەلەبە و مامۆستا) (مامۆستا و مامۆستا)، کەمجار بە شێوازێکی هێمنانە کۆتایی پێهاتوە هەر لایەنێک لایەنەکەی تر خراپ دەکات، ئەمەش وای لێدێت کاتی خوێندن و دەوامکردن بە فیرۆ بچێت بەهۆی سیاسەت و حزبایەتیەوە".

فێرخوازێک بە پێچەوانەوە باس لەوەدەکات لە ئێستادا دەستوەردانی حزبی کەم بوەتەوە، ئەوەی هەیە بە پێچەوانەوە باسی حزب دەکرێت بە شێوەیەکی خراپ.

رۆژ محەمەد، فێرخوازی قۆناغی هەشتی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفایی) لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەو ناوەندەی منی تێدام لە ئێستادا نەمبینیوە دەستوەردانی حزبی هەبێت، بەڵام پێشوتر هەبوە و چەند جارێک لە مەکتەب ئاڵای حزب هەڵکراوە، لە ئێستادا پێچەوانە بوەتەوە مامۆستایان بە خراپە باسی حزب ئەکەن، ئەگەرچی ئەم باسکردنەش بەهەرشێوەیەک بێت ئەبێتە هۆی سەرقاڵکردنی تەلەبە".

## 3. ئەو بڕیارانەی حزب دەستی تێدا هەیە چین

بەشێک لە مامۆستایان و فێرخوازان و بەڕێوبەران باس لەوەدەکەن دەستوەردانی حزبی بونی هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن چ لە گواستنەوەی مامۆستایان بێت یان گواستنەوەی فێرخوازان بەشێکیشیان بە پێچەوانەوەن و دەستوەردانی حزبی رەتدەکەنەوە.

### ا. گواستنەوەی فێرخواز

"لە گواستنەوەی خوێندکاران لە ناوەندێکەوە بۆ یەکێکی تر حزب دەستێکی باڵای هەبوە، ئەگەر بەڕێوبەران ئەوەش نەکەن لە ژێر فشارێکی زۆردا پێی دەکەن یان کێشەی بۆ دروست دەکەن". پەیوەند محەمەد حەسەن، خوێندکاری پۆلی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار وا دەڵێت.

خوێندکارێکی دیکە هەمان بۆچونی هەیە و باس لەوەدەکات مافی زۆر خوێندکار ئەخورێت بەهۆی حزبایەتیەوە. ئاریان محەمەد سابر، دەڵێت: "بۆ گواستنەوە دەستوەردانی حزبی هەیە و منداڵی فەقیر ئەبێت تا ماوەیە بپارێتەوە و هەمو هەوڵێک بدات بۆ ئەوەی بڕواتە ناوەندێکی باش و دەرەجەیەک بێنێت، بۆیە مافی زۆر خوێندکار ئەفەوتێت بەهۆی حزبایەتیەوە".

بەشێک لە مامۆستایان ئەوە پشت راستدەکەنەوە کە فێرخوازانیش پشکی شێریان بەرکەوتوە لەلایەن حزبەوە بۆ گواستنەوەیان.

بەڕێز عەباس، مامۆستا و پسپۆڕی مێژو لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "گواستنەوەی خوێندکار لە خوێندنگایەکەوە بۆ خوێندنگایەکی تر مەسەلەی حیزبایەتی لێرەشدا پشکی شێری بەرکەوتوە و بەشێکی خوێندکار بەهۆی واستەی حیزبایەتیەوە چ خوێندنگایەکیان بوێت بۆی دەچن! بۆیە بەشێوەیەکی گشتی کەشی سیاسی و حیزبی لە ناوەندەکانی خوێندندا کەشێکی زاڵە!".

هەندێک لە مامۆستایان بە پێچەوانەوە باسلەوەدەکەن دەگمەنە دەستی حزب هەبێت لە گواستنەوەی فێرخوازان.

ئەیاد محەمەد ساڵح، بەڕێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "سەبارەت بە گواستنەوەی خوێندکار و مامۆستاش هەستم بە هیچ جیاوازییەک نەکردوە، ئەوانەشی ئەوباسە دەکەن بەدڵنیاییەوە خۆشیان سەر بەلایەنێکن، رەنگە داواکارییەکیان هەبوبێت بەدەر لە رێنماییەکان بێت بۆیان نەکرابێت، لەئەنجامدا بەو جۆرە تێگەشتون یان وایان لەیەکداوەتەوە".

**ب. گواستنەوەی مامۆستایان**

مامۆستایانیش جیاوازنین لە بۆچونی فێرخوازانیان ئەوانیش دابەشی دو بەرەبون بەشێکیان دەڵێن دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان رونە و هەستی پێدەکرێت و بەشێکی دیکەشیان ئەوە رەتدەکەنەوە.

بەڕێز عەباس، مامۆستا و پسپۆڕی مێژو لە ئامادەیی (هاوکاری)ی لە قەزای کەلار باس لەوەدەکات: "لە گواستنەوەی مامۆستایاندا حیزبایەتی پلەی یەکەمی بەرکەوتوە و کەم نین ژمارەی ئەو مامۆستایانەی لە رێگەی برادەرایەتی و حیزبایەتی و خزمایەتیەوە بە ئارەزوی خۆیان گوستنەوەیان لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەکەن!".

هیوا رۆستەم محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (بەختیاریی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار، ئەوە باس دەکات حزب دەستی لە گواستنەوەی مامۆستایان دا هەیە "100% حزبایەتی باشترین خزمەتە بۆ گواستنەوە، تەنانەت لە دانانی وانەبێژەکانیشدا حزبی بون لە ژێرەوە مەرجی سەرەکی بوە و دەوری خۆی هەبوە لە دانانیان".

مامۆستایەک ئەوەدەخاتەڕو بونی حزب رونە لە ناوەندەکان ئەوەش لە بەڕێوبەرەکانەوە دیارە و هەستی پێدەکرێت.

سەریاس سەمین، مامۆستا لە قوتابخانەی (ئاڵا)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، وتی: "یەکێک لە هۆکارەکان کە وایکردوە مامۆستایان گرفتیان بۆ دروست ببێت لە کاتی گواستنەوەیان ئەوەیە کە بەشێکی زۆری بەڕێوبەرەکان لەسەر دەستی حزب دانراون، ئەمەش کاریگەری لەسەر گواستنەوەیان هەیە، بۆیە گومان لەوەدا نیە پەروەردە لە بری دامەزراوە و کەسانی تەکنۆکرات حزب بەڕێوەی ئەبات".

مامۆستایەک باس لەوەدەکات نەک گواستنەوەی مامۆستایان، بەڵکو حزب دەستی گەشتوەتە دانانی وانەبێژەکانیش لە ناوەندەکان.

ڕێبوار عەلی ساڵح، مامۆستا و پسپۆر لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: "ئەگەر مامۆستایەک داوای گواستنەوە بکات هەقی خۆشی بێت کە حزب لە پشتی نەبێت بۆی ناکەن بە ئاسان، لە پێشتر کە مامۆستایەک داوای گواستنەوەی بکردایە ئەبوایە سەردانی بارەگای حزبی بکردایە، تەنانەت دانانی مامۆستای وانەبێژیش لە بارەگای حزبەوە دانراوە".

بەڕێوبەرێک باسلەوەدەکات سەرپەرشتیارەکان تەکلیفی ئەوەیان کردوە کە مامۆستایەک بگوازنەوە، چونکە دەسەڵاتیان نییە بەسەر هەندێک بەرێوبەردا لەبەر ئەوەی حزب دایناون.

نورەدین حەمید عەباس، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئاوەزە)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، دەڵێت: "مامۆستای وا هەیە یەک ڕۆژ لە لادێ دەوامی نەکردوە هێناویانەتە سەنتەری شار، کەچی مامۆستای وا هەیە دوای (8) ساڵ دەوام کردن لە لادێ دوای چەندین جار داواکردن بۆیان نەکردوە، تا وایلێهات دەستی برد بۆ ئەو کارەی کە خۆیان کاری پێدەکەن ئەویش حزبە و واستە کردنە یەکسەر گوازرایەوە، تەنانەت سەرپەرشتیارەکان واستەیان کردوە بۆ ئەوەی مامۆستایەک بگوازنەوە، چونکە دەسەڵاتیان بەسەر هەندێکیاندا نیە، ئەمە لە ناوەندەکەی حۆم روی داوە".

بە پێچەوانەوە، ئارام قادر ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (شەهیدانی ڕزگاری)ی لە ناحیەی ڕزگاری دەڵێت: "بەپێچەوانەوە گواستنەوەی مامۆستایان لەسەر دەستی حزب نیە".

## 4. ئەو دەستوەردانانەی هەیە کاریگەری لە دەسکاریکردنی نمرەی فێرخوازانیش هەیە؟

دەستوەردانی حزبی بەشێوەیەک لە ناوەندەکان دەبینرێ بە وتەی خوێندکاران دەتوانن نمرەش بۆ خوێندکار زیاد بکەن.

پەیوەند محەمەد حەسەن، خوێندکاری پۆلی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەم دەستوەردانە خوێندکارانیشی گرتوەتەوە، چەندین جار خۆم بینیومە کە خوێندکارێک بە هاوکاری کەسێکی حیزبی نمرەی پێدراوە.

فێرخوازێک بە پێچەوانەوە باس لەوەدەکات لە گۆرانکاری کردنی نمرەی فێرخواز حزب دەستی نیە، بەڵکو مامۆستایان خۆیان بەناوی خزم و ناسیاوی نمرە ئەگۆڕن.

رۆژ محەمەد، فێرخوازی قۆناغی هەشتی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفای)ی لە قەزای کەلار باسلەوەدەکات: "لە ئێستادا حزب ناتوانێت دەستکاری نمرەی تەلەبە بکات، ئەوەی هەیە مامۆستایە دەیکات بە ناوەی خزم و ناسیاوی بۆ کەسی خۆی ئەکات.

"لە ناوەندەکەی ئێمە مامۆستا لە سەر ئەساسی حزبی یان واستە نمرەی بە تەلەبە نەداوە و هەموی بەیەک چاو سەیر دەکرێت، ئەوەشی هەیە لەسەر بنەمای زیرەکی و رەفتاری فێرخوازان خۆیان نمرە دەدەن". ساکار مەحمود ئەحمەد، خوێندکاری قۆناغی یانزە لە ئامادەیی (پێبان) لە ناحیەی پێباز وادەڵێت.

عومەر سەلام، خوێندکاری قۆناغی دوانزە لە ئامادەیی (کفری)ی لە قەزای کفری باسلەوەدەکات: "ئەوەی هەبوە لەسەر پێدانی دەرەجە بە فێرخواز لە کاتی تاقیکردنەوەکان یارمەتی بوە و کەوتوە و پەڕێنراوەتەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەو شێوەیە گۆڕانکاری کراوە لەنمرەی تەلەبە".

## 5. رۆڵی حزب لە دانانی بەڕێوبەری قوتابخانەکان

"حزبی بون تەنها مەرجی بون بە بەرێوبەر نیە، بەڵکو دەبێت حزبیەکی دڵسۆز بیت"، ئەمەی وتەی مامۆستایەکە لە بارەی ئەوەی چۆن دەبیتە بەرێوبەر.

م. بەڕێز عەباس، باسلەوەدەکات لە دانانی بەرێوبەرەکاندا بەشێکی زۆرینە و گرنگیان ئەوە کراوەتە پێوەر کە دەبێت نەوەک تەنها حیزبی بێت، بەڵکو بەپێوەری خۆیان دەبێت لە "حیزبیە دڵسۆزەکان" بێت.

ئەو دەڵێت: توانای مامۆستا لە بەرچاو ناگیرێت بۆ بون بە بەڕێوبەر بەڵکو ئەوەی گرنگە حیزبی بونە گەر هیچیش نەزانیت، تەنانەت بەڕێوەبەری واهەبوە وازی هێناوە بە پێی ڕێنمایی لە بری ئەوەی یاریدەدەرەکەی بخرێتە شوێنی کە کەسێکی بە تواناش بوە، بەهۆی ئەوەی "حیزبیەکی دڵسۆز" نەبوە نەکراوەتە بەڕێوەبەر.

"حزب دەست گەشتوەتە کایەکانی پەروەردە بە تایبەت لە دانانی بەڕێوبەرەکان بە رونی ئەبینرێت". م. سەریاس سەمین، وای وت.

مامۆستایەک باس لەوە دەکات بۆ دانانی بەڕێوبەر پەروەردە داوای تەزکییەی حزبی دەکات.

هیوا رۆستەم محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (بەختیاریی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "لە دانانی بەڕێوبەر و یاریدەدەری قوتابخانەکان ئێستاش بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلار بۆ دانیانیان داوای تەزکییەی کۆمیتە دەکات هەتا سەر بەحزبەکەی ئەو و لەناو حزبەکەشدا سەر بە تەکەتولەکەی خۆی نەبێت، دانانرێیت".

هەرچەند بەرپرسانی پەروەردە باس لە باشتربونی رەوشی پەروەردە دەکەن، بەڵام مامۆستایەک دەڵێت ئەگەر بەرواردێک هەبێت لە چاو ساڵانی پێشوتر دەستوەردانی حزبی روی لە زیادبون کردوە.

ئارام قادر ئەحمەد، جەخت لەوە دەکاتەوە "ئەگەر بەراوردێک بکرێت لەگەڵ ساڵانی 2012 ئێستا دەستوەردانی حزبی زۆر زیادی کردوە، چونکە لە ئێستا ئەگەر ببیت بە بەڕێوبەر ئەبێت حزبی بیت ئەگەر نا ناکرێیت، تەنانەت لە ناوەندەکەی ئێمە ئەو کێشەیە هەیە ئێستا، مامۆستایەکمان هەیە بۆ ماوەی ساڵێکە تەقدیمی کردوە بۆ یاریدەدەری تا ئێستا بۆی نەهاتوەتەوە لەبەر ئەوەی حزبی نەبوە".

لە هەمان کاتدا بەڕێوبەرێک ئەوە پشت راستدەکاتەوە کە بەشێکی بەڕێوبەرەکان لە سەر ئینتیمای حزبی دانراون.

حسێن محەمەد حەسەن، بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی نەک لە ناوەندەکان، بەڵکو لە هەمو جێگەیەک بونی هەیە و رۆڵی خۆشی هەیە، تەنانەت هەندێک لە بەڕێوبەرەکان لەسەر ئینتیمای حزبی دانراون و هەندێکیش ئارەزوی هەبوە ببێت بە بەڕێوبەر کە حزبی نەبوە نەکراوە، ئەمەش لە وەزارەتەوە شۆڕبوەتەوە، چونکە ئەو پۆستەش لە سەر حزبی بون دانراوە و پشک پشکێنەیە".

بەرێوبەری قوتابخانەی (زانیار)ی بنەرەتی، رونیدەکاتەوە کە بوە بە بەرێوبەر کۆمیتەی باوەنور سەردانی ماڵیان کردوە بۆ ئەوەی ئەو بەرێوبەری نەکات: "تەنانەت لە دانانی بەڕێوبەرەکان و حزب وەک هەمیشە رۆڵی خۆی تیادا بینیوە و دەستی هەڵنەگرتوە لە دەستێوەردانی".

دانا عوسمان محێدین، دەشڵێت: راستە من ئینتیمای حزبیم بە لایەنێکی بێدەسەڵات هەیە و بۆ ماوەی (4) ساڵە بەڕێوبەرم، کاتێک ئەو پۆستەم وەرگرت کۆمیتەی باوەنور سەردانی ماڵەوەیان کردم بۆ ئەوەی وەری نەگرم، بەس هەر بە زۆرەملێ وەرمگرت، تەنانەت خۆشم داوام کردوە کە کەسێکی دیکە بخرێتە جێگەم، بەڵام شیاو بێت و کەسی بێلایەن بێت، بەهۆی ئەوەم کە رێگەیان نەدا لەو ناوەندە بمێنمەوە دەستم لە بەڕێوبەری هەڵنەگرت".

بە پێچەوانەوە، ئەیاد محەمەد ساڵەح، بەرێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو کەسانەم کە دەڵێن بەرێوەبەر و یاریدەدەرەکان لەسەر بنەمای ئینتمای حزبی دادەنرێت، رەنگە ئەوە بۆ ناوچەیەکی تر راست بێت و 100% بەڕێوبەرو یاریدەدەرەکان سەربەلایەنێک بن، بەڵام لەم سنورەدا لەناو بەرێوەبەر و یاریدەدەرەکاندا سەرجەم لایەن و رەنگەکانی تێدایە".

## 6. "بەشی زۆری بەڕێوبەر و یاریدەدەرەکان لەسەر تەزکیەی حزبی دانراون"

بەشێک لە یاریدەدەران باس لەوەدەکەن لایەنی حزبی دەستێکی زۆریان هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن چ لە روی دانانی بەڕێوبەر چ لە دانانی یاریدەدەرەکان چ لە گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران، هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە دەڵێن دەستی حزب کاڵبوەتەوە لە ناوەندەکان.

بەمۆ ئیبراهیم، یاریدەدەری بەڕێوبەر لە قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان بەشێوەیەکە کە زۆربەی بەڕێوبەر و یاریدەدەرەکان بە پشتیوانی حزبی دانراون، ئەمەش وایکردوە کە لایەنی کارگێڕی ناوەندەکان نەتوانن لە قسەی حزب دەربچن".

وتیشی: هەر لەو چوارچێوەیە نەماوەتەوە و دەستی گەشتوەتە گواستنەوەی مامۆستایان و قوتابیانیش و دانانی مامۆستای وانەبێژیش، کە زۆرجار ئەمەش بە یاسا دەکرێت، چونکە حزب لە رێی بەرپرسانی پەروەردەوە کارەکان دەکات، بۆیە وادەکات کە بەڵگەیەکیش بەردەست نەبێت.

بەمۆ ئیبراهیم، خۆپیشاندانی مامۆستایان بە نمونە دەهێنێتەوە و دەڵێت: لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا دەر ئەکەوت، هەر بەڕێوبەرێک لەسەر تەزکیەی حزبی دانرابێت کۆبونەوەیان پێ ئەکرا لە بارەگای حزبی بۆ ئەوەی بایکۆت بشکێنن و هەر ئەوانیش ئاراستەیان ئەکردن.

"بە کۆی گشتی دەستی حزب لە هەمو ناوەندەکانی خوێندن هەیە". گۆران نامیق ئیبراهیم، یاریدەدەری بەڕێوبەر لە قوتابخانەی (شۆڕش)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، وا دەڵێت.

وتیشی: بەشێکی زۆری بەڕێوبەر و یاریدەدەرەکان لەسەر تەزکیەی حزبی دانراون و ئەگەریش خراپ بن ئەوە حزب پشتگیرییان دەکات، چونکە ئیشی پێیانە بۆ ئەوە دایناون ئیشەکانی بۆ بکات، ئەگەر وانەبێت ئەوە جارێکی دی پۆستیان پێناداتەوە.

مامۆستایەک پێیوایە ئاستی دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەسێتی ستافی کارگێری و بە تایبەت بەرێوبەر.

محەمەد کەریم، یاریدەدەری بەڕێوبەری ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە کەلار ئەوە دەخاتەڕو: "لە روی ئیش و کاری کارگێڕی لە ئیستادا دەستی حزب بە شێوەیەکی باش دورخراوەتەوە و دەست وەرنادەن لە هیچ بڕیارێک، ئەمەش کەوتوەتەوە سەر هێزی کەسێتی ستافی کارگێڕی ئەو ناوەندە، بە تایبەت بەڕێوبەر".

وتیشی: دەستی حزب بۆ دانانی بەڕێوبەر و یاریدەدەر جیاوازترە.

## 7. "دەستی حزب لە ناوەندەکان کاڵبوەتەوە"

مامۆستایان بۆچونی جیاوازییان هەیە لە بارەی دەستوەردانی حزبییەوە، هەندێک دەڵێن دەستوەردانی حزبی زۆر بە رونی دیارە لە ناوەندەکانی خوێندن ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر کەرتی پەروەردە و بەروە ئفلیج بونی دەبات.

ئومێد عەلی، مامۆستا و پسپۆڕی وەرزش لە قوتابخانەی (ملازم جوامێر)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن گەیشتۆتە رادەیەکی زۆر خراپ، دو حزب پەروەردەیان کردوەتە قوربانی حزبەکانیان، بۆیە حزب دەستی هەیە لە هەمو کایەکانی پەروەردە دا".

ئاماژەی بەوەشکرد: لە هەموی خراپتر لە ناو پەروەردە نەخۆشی هاوڕێیەتی و خزمایەتی و بەرژەوەندی شەخسی هەیە.

بەشێک لە مامۆستایان دەڵێن: دەستی حزب گەشتوەتە تەواوی کایەکانی پەروەردە ئەمەش وایکردوە دیدێکی تەندروست بۆ پەروەدە نەبێت.

هیوا رۆستەم محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (بەختیاری)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستان دەستی حزب گەشتۆتە سەرجەم کایەکان، شتێک نیە ناوی حکومەت بێ، باشتروایە بڵێن مەڵبەند و لق و کۆمیتە، بواری پەروەردە و فێرکردنیش بەدەر نیە لەوە".

جیاوازی بۆچون لە دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان هەیە و مامۆستایەک بە رایەکی پێچەوانەوە دەڵێت دەستی حزبی لە ناوەندەکان بەرەو کاڵبونەوە رۆشتوە.

دانا حمە ئەمین، پسپۆڕی پەروەردەی ئیسلامی لە ئامادەیی (حەمرین) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئێستا کاڵبونەوەیەک هەیە کە حزب دەست وەربداتە کاری ناوەندەکان".

پێچەوانەی رای هاوتاکەی، مامۆستایەک باس لەوەدەکات لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشە کراوە بۆ حزب بەناوی رێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران.

رێبوار عەلی ساڵەح، مامۆستا و پسپۆڕی بایەلۆجی لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی هەیە لە ناوەندەکان و بە رونیش دیارە، تەنانەت رێکخراو بەناوی قوتابیان و خوێندکاران لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان هاتون و دەنگیان کۆ کردوەتەوە و بانگەشەیان کردوە، مامۆستاش ئەگەر ناوەکەی بە خۆی بێت سیاسەت لە دەرەوەی ئەرکەکەی بەجێدەهێڵێت".

## 8. چ مامۆستایەک لەسەر بیرورای سیاسی سزا دراوە

دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان وایکردوە کە مامۆستایەک سزا بدرێت و لە بەشێکی ئەرکەکەی خۆی دوربخرێتەوە، بە پاساوی ئەوەی باسی حزبی دەسەڵاتداری کردوە بە خراپە لە ناوەندێکدا.

حەیدەر ئەحمەد محەمەد، یاریدەدەر لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە کەلار، دەڵێت: "یاریدەدەرم و بە ئێستاشەوە، بەڵام کارەکانم لێ وەرگیراوەتەوە بە هۆکاری حزبی و بە پاساوی ئەوەی کە لە ئیدارە لەگەڵ مامۆستایان باسی سیاسەتمان کردوە و قسەم بە یەکێتی وتبێت و بەرگریم لەماڵی بارزانی کردبێت".

ئەو دەڵێت: بەو هۆیەوە بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار پێی وتم تۆ لە یاریدەدەری دەرکراوی و فەرمانی دەرکرد بۆم، لە کاتێکدا فەرمانی هەڵوەشاندنەوەکەی بۆ نەکردوم، منیش رۆشتمە وەزارەت لەسەر ئەم بابەتە و وەزیر تەداخولی کرد و لیژنەیەک هاتە ئێرە بۆ چارەکردنی کێشەکە، بەڵام ئەوە بۆ ماوەی ساڵێکە هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

وتیشی: ئێستا یاریدەدەرم، بەڵام بە بەڕێوبەرەکەی وتوە دەسەلاتی پێمەدە، ئەمە قسەی بەڕێوبەرەکە خۆیەتی پێی وتوە "کە قاچێکم لە ناوەندەکە بێت و یەکێکی لە دەرەوە بێت غیابی بدە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "کاتێک بەڕێوبەرەکەمان وازی هێنا وەک ماف هی من بو ببم بە بەرێوبەر، کەچی دانەیەکی تری داناوە بە سزا لە بەڕێوبەری لابراوە، کە ئەمە لە یاسای پەروەردە نیە، هۆکاری هەمو ئەمانەش دەستی حزبیە".

لە بەرامبەردا، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار ئەوە رەتدەکاتەوە کە هیچ مامۆستایەک لەسەر بابەتی حزبی سزا درابێت.

عەدالەت لەتیف عبید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار دەڵێت: "هیچ کەسێک لەسەر بابەتی حزبی سزا نەدراوە ئەوەی هەبوە فەرمانێکی کارگێڕی بوە و پەیوەندی بە ئیدارەوە هەبوە، ئەوەبو وەزیر تەداخولی کرد بابەتەکە وەک خۆی ماوەتەوە و لە شوێنی خۆی دەوام دەکات".

وتیشی: ئەو فەرمانەشی هەبوە کارگێڕی بوە نەک حزبی و لەسەر حزب دەرکرابێت.

## 9. چی بکرێت بۆ دورخستنەوەی دەستی حزب لە ناوەندەکان

بەشێک لە مامۆستایان و بەڕێوبەران باس لەوەدەکەن ئەگەر دەستی حزب بەو شێوەیە بەردەوامی هەبێت لە ناوەندەکانی خوێندن، ئەوا بەهیچ چارەسەر نابێت بەڵکو خراپتر دەبێت.

بەڕێز عەباس، مامۆستا و پسپۆڕی مێژو لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار دەڵێت: "پێویستە پەروەردە بە دامودەزگایی بکرێت و کەسی پەروەردەیی لە شوێنەکان دابنرێت، حیزبایەتی بکرێت بە ئامراز و پەروەردە بکرێتە ئامانج، کە بەداخەوە لە ئێستادا پێچەوانەکەی دەبینین، ئەمەش بە رونی دیارە کە حزبی باڵادەست دەور ئەبینێت لە گەرمیان".

مامۆستایەک باس لەوە دەکات نەهێشتنی دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان چارەسەر ناکرێت، بگرە خراپتریش دەبێت.

ئارام قادر ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (شەهیدانی رزگاری) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "نەهێشتنی دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان چارەسەر نابێت هەتا یەکێتی و پارتی حوکمی ئەم وڵاتە بکەن، بگرە خراپتریش ئەبێت".

بۆ چارەسەر پێویستە کەسی دڵسۆز بۆ بوارەکە هەڵبژێردرێت پێوەریش بۆ دانانی بەڕێوبەرەکان لێهاتویان بێت نەک حزبیەکەیان، ئەمەش بۆچونی مامۆستایەکە.

سەریاس سەمین، ئەوەدەخاتەڕو: "بۆ چارەسەر دەبێت ئیرادەیەکی راستەقینە هەبێت کە گومانم نیە و ئەو ئیرادەیە بونی نیە، پێویستە تەرکیز بکرێتە سەر بەها بنەماییەکان کە پێموایە ئەم کاربەدەستانەی ئێستای پەروەردە نازانن بەها بنەماییەکان چیە، پاشان دەستی ئەو کەسانە بگیرێت کە دلسۆزن و خەمی ئەم بوارەیان هەڵگرتوە".

وتیشی: پێوەریش بۆ دانانی بەڕێوبەر و کاربەدەستەکانی پەروەردە لێهاتویی و شارەزاییان بێت لە بوارەکە، نەک وەلائیان بۆ حیزب کە دۆخەکە رۆژ بە رۆژ وێرانتر ئەکات.

مامۆستایەک دەڵێت باشترین چارەسەر ئەوەیە کە پەروەردە کەرتی تایبەت بەڕێوەی ببات و دەستی حزب لە ناوەندەکان دوربخرێتەوە.

رێبوار عەلی ساڵح، وتی: "بەرپرسانی پەروەردە خۆیان حزبین ئیتر ئەمە چۆن چارەسەر ئەبێت کە دەستی حزب لە ناوەندەکان نەمێنێت؟ باشترە پەروەردە بدرێت بە کەرتی تایبەت، بەمشێوەیە بەردەوام بێت ئەوا نابێت چاوەڕوانی چارەسەر بین، بگرە خراپتریش ئەبێت".

بەڕێوبەرێک دەڵێت پێویستە جیاوازی نەهێڵدرێت بۆ ئەوەی دەستوەردان نەهێڵدرێت لە ناوەندەکان و هەوڵبدرێت پەروەردە بەهێزبکرێت نەک بروخێندرێت.

ئاسۆ مەحمود عەزیز، بەڕێوبەری قوتابخانەی (داری خلە)ی بنەڕەتی لە کەلار، جەخت لەوەدەکاتەوە: "بۆ چارەسەری ئەمەی کە دەست وەردان نەمێنێت پێویستە یەکەمجار جیاوازی نەهێڵدرێت و هەموی وەک یەک سەیربکرێت، دواتر ئەو ئینتیمای حزبیەی کە هەتە لایەنە پەروەردەیەکەی پێ بەهێز بکەیت نەک بیروخێنیت".

بەهەمانشێوە، دانا عوسمان محێدین، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز، باس لەوەدەکات: "رێگە چارە بۆ نەمانی دەستێوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندندا بونی سیستەمێکی حوکمڕانی تەواو دیموکراسییە کە لە سایەی ئەو سیستەمەدا هەمو بوارەکانی ژیان و بەتایبەتیش سێکتەری پەروەردە بەرەو پێش ببات، بەڵام لە سیستەمێکی حوکمڕانی تەواو حیزبی وەک هەرێمی کوردستان، ئەستەمە دەست تێوەردانی حیزبی لە ناوەندەکانی خوێندن نەهێڵرێت".

## 10. حزب دەستوەردان لە کاری بەڕێوبەری ناوەندەکان دەکات؟

بەڕێوبەری ناوەندەکانیش بێ بەش نین لەو دابەشبونەی کە بە شێکیان دەڵێن حزب دەستوەردەداتە کارەکانمان و بەشێکی دیکەش رەتی بکەنەوە.

ئەیاد محەمەد ساڵەح، بەڕێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "دەستوەردانی حزب لە ناوەندەکان کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کەرتی پەروەردە، بەڵام من بۆ ماوەی (٥) ساڵە بەڕێوبەرم هیچ دەستوەردانێکی حزبیم نەبینیوە لەناوەندەکەمدا، سەرەڕای ئەوەی ئینتمایی حزبیم بۆ حزبێکیش هەیە، بەڵام تێکەڵی کارەکەمم نەکردوە کەسیش داوای لێنەکردوم".

"بە هیچ شێوەیەک کاری حزبی نەهاتوەتە ناو ئیدارەی ئێمە و پرۆسەکەوە ئیتر هەر مامۆستایەک هەر جۆرە ئینتمایەکی هەبێت". سامان محەمەد حمە رەشید، بەڕێوبەری ئامادەیی (شەهید بورهان) لە قەزای کەلار وا دەڵێت.

بەڕێوبەرێک دەڵێت ئەگەر مناڵێک باسی حزب و سیاسەت بکات ئیتر چۆن لە ناوەندەکان باس ناکرێت؟

حسین محەمەد حەسەن، بەڕێوبەری ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی نەک لە ناوەندەکان، بەڵکو لە هەمو جێگەیەک بونی هەیە و رۆڵی خۆشی هەیە، تەنانەت سیاسەت و حزبایەتی تێکەڵاوی خوێن بوە، مناڵێکی بچوک باسی حزب و سیاسەت دەکات، ئیتر گەورە چۆن باسی ناکات؟".

دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان بونی هەیە و تەنانەت هەندێک لە کارەکانیش بە پلان نەکراوە، ئەمەش رای بەڕێوبەرێکی ترە.

بەرێوبەرێکی دیکە باسلەوەدەکات دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان بە کەسەکە کەوتوە کە وا بکات رەنگدانەوەی هەبێت یاخود نا.

ئاسۆ مەحمود عەزیز، بەڕێوبەری قوتابخانەی (داری خلە)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان لەسەر کەسە کەوتوە و هیچ کەسێک ناتوانێت بێت و پێت بڵێت ئەبێت وا بکەی و وا نەکەی، بەڵکو لەسەر خودی ئەو کەسەیە کە ئەو ناوەندە بەڕێوە دەبات".

پێچەوانەی هاوتاکانی، بەرێوبەرێک پێیوانیە دەستوەردانی حزبی لە کاری ناوەندەکان بەو شێوەیە بێت کە باسی لێوە دەکرێت.

ئیبراهیم نەجمەدین عزەدین، بەڕێوبەری قوتابخانەی (ئەژین)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، ئەوەدەخاتەرو: "دەستوەردانی حزبی لە پێشتر هەبوە، بەس بەو شێوەیە زەق نەبوە کە باس ئەکرێت و من وەها نەمبینیوە".

وتیشی: من (2) ساڵە بەڕێوبەرم و لەلایەن بەڕێوبەری پەروەردەی کفرییەوە دانراوم و سەر بە حزبی ئەوانیش نیم.

## 11. رای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەسەر دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن

سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ئەوە رەت دەکەنەوە کە دەستوەردانی حزبی بوبێتە دیاردە و دەشڵێن مامۆستایان خۆیان هۆکارن بۆ ئەوەی کە دەستی حزب بێتە ناوەندەکان لە رێگەی تەکلیف کردنەوە.

عەلی حاتەم ئەحمەد، سەرپەرشتیاری پەروەردەی پسپۆڕی بیرکاری لە قۆناغی بنەڕەتی لە پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی هەیە، بەڵام نەبوە بە دیاردە".

وتیشی: بەپێی پێویستی ناوەندەکان بوە کە گواستنەوەمان بۆ مامۆستایان ئەنجامداوە، بەڵام ئەگەر مامۆستایەک هەر شتێکی ویست بە دڵی نەبو ئەوە ئەڵێت دەستوەردانی حزبیە، لەگەڵ ئەوەش ناڵێم نیە، هەیە.

سەرپەرشتیاری پسپۆڕی فیزیا لە قۆناغی ئامادەییەکانی پەروەردەی گەرمیان، رونیدەکاتەوە: دەستوەردانی حزبی کە دێتە ناوەندەکە مامۆستایان خۆیان هۆکارن، واستە دەکەن و هەقی کەسێکی تر ئەخۆن، ئەگینا حزب ناکەوێتە دوایان بڵێت وەرە من نقڵت ئەکەم.

سەرپەرشتیاری کارگێڕی باس لەوەدەکات نەبوە حزب دەست لە کاروباری کارگێڕی ناوەندەکان وەربدات و داوای تەزکیەی حزبی لە بەڕێوبەرەکان کرابێت.

کەریم عەزیز محەمەد، دەڵێت: "بە تەحەداوە ئەڵێم دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن هەبێت، بەهیچ شێوەیەک شتی وا نیە حزب بێت و پێت بڵێ ئەمە بکە و ئەوە بکە و دەست وەربداتە لایەنی کارگێڕی ناوەندەکان، هەر شتێک بکرێت لە قۆناغی بنەڕەتیەکان بە تایبەتی بە راوێژ و لیژنە ئەکرێت بە سەرپەرشتی بەڕێوبەری پەروەردە و سەرپەرشتیاری یەکەم".

وتیشی: بەهیچ شێوەیەک نەبوە لەسەر تەزکیەی حزبی بەڕێوبەرێک یان یاریدەدەرێک دابنرێت ئەوەی هەیە لەسەر لێهاتوی و توانا و دلسۆزی کردومانە و هەرکەسێک و هەر رەنگێک بێت، نەشبوە داوای تەزکیەی حزبی لە مامۆستایەک کرابێت بۆ بون بە بەڕێوبەر.

## 12. بەرپرسان لە پەروەردە چیان کردوە بۆ نەهێشتنی دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان

بەرپرسانی پەروەردە ئەوە رەت دەکەنەوە کە لەسەر دەستی حزب هەر کارێک کرابێت لە ناوەندەکانی خوێندن چ بۆ گواستنەوەی مامۆستایان چ بۆ فێرخوازان چ بۆ دانانی بەڕێوبەری ناوەندەکانی خوێندن، جەخت لەوەش دەکەنەوە ئەوەی هەبێت حاڵەتەو نەبوە بە دیاردە.

م. عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، ئاماژە بەوەدەکات: "دەستوەردان هەبێت حاڵەتەو نەبوە بە دیاردە، بەڵام ئەوەی هەبوە تەکلیف بوە ئەویش شەخسی بوە نەک حزبی و لە هەمو حزبەکانیش داوایان کردوە، بەڵام نەبوە بە ئەمر و نەبوە بە دیاردە".

لە بارەی دانانی بەرێوبەرەکانەوە وتی: بۆ دانانی بەڕێوبەرەکان زۆرینەیان یاریدەدەرن و لەسەر ئەزمون و بە راوێژیش کراوە لەگەڵ سەرپەرشتیارانی یەکەم و کارگێڕی و بە لیژنە کراوە، بۆیە نەبوە حزب کەس دەستنیشان بکات و ئێمە دایبنێین، دانانی یاریدەدەرەکانیش بەڕێوبەر خۆی دایدەنێت.

وتیشی: نەبوە لەسەر تەزکیەی حزبی هیچ کەسێک دابنرێت لە ناوەندەکان، لەگەڵ ئەوەش بۆ میلاکاتیش هەمان شتمان کردوە و بە لیژنە کردومانە، دەستی حزب نەبوە، بەڵام تەکلیف هەبوە و هەقی بوە و کردومانە.

سەبارەت بە دانانی وانەبێژەکان لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار باسی لەوەشکرد: بەهیچ جۆرێک بۆ دانانی وانەبێژەکان دەستی حزبی تێدا نەبوە و بەپێی پێویستی پسپۆڕییەکان دانراون، بەڵام دیسان تەکلیف هەبوە لە هەمو حزبەکانیشەوە بوە.

"حزب بە شوێن کەس دا نانێرێت تا بڵێت وەرە من ئیشت بۆ ئەکەم، هەر مامۆستا خۆیەتی کە ئەچێتە لای حزب بۆ واستە کردن، کاتێک ئیشەکەی بۆ رای ناکرێت دێت و حزب تاوانبار دەکات". بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، وا دەڵێت.

م. ئیسماعیل سەمین، وتیشی: حزب نایەت کەس ئیجبار بکات و بڵێت ئەبێت ئەمە بکەی و ئەوە بکەی، خەڵک خۆیەتی ئەچێت و تەکلیف ئەکات بەس بۆ ئەوەی ئیشەکەی بۆ رای بکرێت.

باسی لەوەشکرد: بۆ دانانی وانەبێژەکان من بەس رێنمایم داوە و دو کەسی دیکە ئیشەکانیان کردوە ئەوەشی کرابێت بە پێی رێنمای بوە و حزبی نەبوە.

لە بەرامبەریشدا بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، م. دارا ئەحمەد سەمین، سەبارەت بە دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "دەستوەردانی حزبی لە ناوەندەکان حاڵەتە و نەبوە بە دیاردە، رەنگە بۆ دانانی بەڕێوبەرێک حزبایەتی لەبەر چاو بگیرێت، چونکە لە دیاریکردنی هەر پۆستێک لەسەر پشکی ئەو حزبە دادەنرێت، حزبی دەسەڵاتداریش حەزی لێیە زۆرترین پۆست بۆ ئەو بێت، ئەمە نەک بۆ یەکێتی بۆ هەر حزبێکی تریش بێت هەمان شتە، بەڵام بەو شێوەیە نیە کە ئەو گلەییانەی کراوە".

وتیشی: لە بونی هەر حاڵەتێکی لەو شێوەیە کە هەبێت و مافی کەسێک خورابێت بەهۆی ئەوەی کە حزب لە پشتی هەرکەسێک بێت ئەتوانن بێن و سکاڵا بکەن بۆ ئەوەی بەدواداچون بکەین و کردوشمانە بۆ هەر کەسێک کە سکاڵای هەبێت، بەڵام خۆیان نایەن ئێمە ئەبێت چیبکەین؟

ئاماژەی بەوەشکرد: ئیشی مامۆستا نیە لە ناوەندەکان باسی سیاسەت و بانگەشە بۆ لایەنێک بکات و لایەنێکی تر ناشرین بکات، ئەمەش پێشێلکردنی رێنماییەکانی پەروەردەیە.

**بەشی سێیەم:راسپاردە**

1. دەستوەردانی حزبی کاریگەری خراپی بۆ سەر ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری پەروەردەی گەرمیان جێهێشتوە، پێویست دەکات بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو کەرتە دەستی حزب لە کارەکانی ببڕدرێت.

2. گواستنەوەی مامۆستایان و فێرخوازان یەکێکە لەو گرفتانەی کە زۆرترین دەستوەردانی تێدا کراوە، بۆ ئەمەش پێویستی بە چەند رێنماییەک هەیە بۆ ئەوەی رێگەی ئەو دەستوەردانە بگیرێت.

3. نمرەی فێرخوازان یەکێکە لەو بابەتانەی لە رێگەی خزمایەتی و حزبایەتیەوە دەستی بۆ بردراوە، دەسکاریکردنی نمرە کاریگەری خراپ بەسەر فێرخوازانی دیکەوە بەجێدەهێڵێت و کارەکانی پەروەردەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

4. دەستی حزبی بەسەر ناوەندەکانەوە بە جۆرێکە، بەشێک لە مامۆستایان و فێرخوازان و تەنانەت بەرێوبەرەکانیش لە ترسی لێپێچینەوە و سزادان ئامادە نین لەسەر ئەو بابەتە لێدوان بدەن.

5. سزا نەدانی هیچ مامۆستایەک لەسەر بردنی بابەتە سیاسی و حزبیەکان بۆ نێو ناوەندەکانی خوێندن، رێگە خۆشکەرە بۆ زیادبونی دەستێوەردانی حزبی.

6. رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان هۆکارن بۆ بردنی بابەتە سیاسی و حزبیەکان بۆ ناوەندەکانی خوێندن پێویستە کاری ئەو رێکخراوانە لە نێو ناوەندەکان بە یاسا دیاری بکرێت.

7. رێگە نەدان بە بونی مامۆستایانی دور لە حزب یان بیرو بۆچون جیاواز بە بەڕێوبەری ناوەندەکان یان یاریدەدەری بەڕێوبەر پرسیار لەسەر کەرتی پەروەردە بەگشتی دروست دەکات، بە دانانی چەند رێنماییەک بۆ ئەو پۆستانە دەتوانرێت ئەو دەستوەردانانە رابگیرێت.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە

2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە

3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org